# سەرچاوەکانی عەقیدە و ڕێبازی سەلەف

[ kurdish – کوردی – كردي ]

صالح بن فوزان الفوزان

وەرگێڕانی: ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ مصادر العقيدة ومنهج السلف في تلقيها ﴾

« باللغة الكردية »

صالح بن فوزان الفوزان

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# سەرچاوەکانی عەقیدە و ڕێبازی سەلەف

مەسەلەی عەقیدە راستەخۆ پەیوەستە بە قورئان و سوننەتەوە، بۆیە تەنها بە بەڵگەی ئەو دوو سەرچاوە جێگیر دەبێت، هیچ بوارێکیشی تێدا نییە بۆ کوشش و بۆچوونی کەسێتی، ئا لێرەشەوە دەبینی سەرچاوەکانی کورت هەڵهاتوون لە سەر ئەو دوو سەرچاوەیە، چونکە هیچ کەسێك لە خوا زاناتر نییە کە پێویستە چی بۆ بکرێت و لە چی پاراو راگیردرێت، لە پاش خوای گەورەش کەس لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زاناتر نییە بە خوای گەورە، هەر بۆیە رێبازی سەلەفی چاکی ئەم ئوممەتە لە سەر ئەو دوو بنەمایە بونیات نراوە.

هەر چیەیەك قورئان و سوننەت سەبارەت بە خوای گەروە ئاماژە بکات ئیمانداران باوەڕی پێ دەهێنن و کاری پێ دەکەن، ئەوەش لە قورئان و سوننەتدا جێگیر نەبێت بۆ خوای گەورە ئەوانیش رەتیدەکەنەوە و قبۆلی ناکەن، هەر بۆیە ئەوان لە مەسەلەکانی بیر و باوەر (الاعتقاد)دا ناکۆکی لە نێوانیاندا درووست نەبوو، بەڵکو یەك عەقیدەی یان هەبوو، یەك کۆمەڵیان هەبوو، چونکە خوای گەورە دەستەبەری یەك ڕیزی و راستی بیر و باوەرە بۆ ئەوانەی دەست بەقورئان و سوننەتەوە دەگرن.

خوای گەورە فەرموویەتی: {وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا}آل عمران ١٠٣.

هەروەها فەرموویەتی {فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَى} طه ١٢٣.

هەر بۆیە بە (الفرقه الناجیه) ناوبراون ، چونكە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم شایەتی رزگار بوونی بۆ داون كاتێك كە هەواڵی پەرتەوازە بوونی ئوممەتی پێ راگەیاندین بۆ حەفتاو سێ كۆمەڵ كە هەموویان لە دۆزەخدان ، جگە لە یەكێكیان نەبێت، كاتێكیش پرسیاری ئەو كۆمەڵەی لێكرا فەرمووی:(هي من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي) رواه احمد.

واتە: ئەوانەن كە لە سەر ریبازی من و هاوەڵانم.

سەرچاوەی بابەت: عقیده التوحید/ د. صالح بن فوزان الفوزان.